مەهاباد قەرەداغی

# بڕیارێک بۆ (سەرپێچی و سزا)ی نەوەی نوێ

**((ئەگەر بە تەنیا بیر لە ساڵی داهاتوو دەکەیتەوە. تۆوێک بچێنە.
ئەگەر بیر لە دەساڵی داهاتوو دەکەیتەوە. نەمامێک بنێژە.
ئەگەر بیر لە سەد ساڵی داهاتوو دەکەیتەوە. ئەوا لە مەیدانی پەروەردە و کولتووردا تێبکۆشە))
پەندی چینی**

ئەگەرچی وەک پێویست کاری پێنەکرا، وەلێ بڕیاری قەدەغەکردنی لێدانی قوتابی لە قوتابخانەکانی کوردستان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی پێشوو بڕیارێکی بەجێ بوو. لە دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە بە چڕیی باس لە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە دەکات بە ئاراستەی ڕیفۆرمێکی پۆزەتیف و مۆژدەی کۆنفرانسێک بۆ باسکردنی ئەو ڕیفۆرمە پەیتا پەیتا لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەگاتە ئێمە. بەڵام ئەوەتا بڕیارێکی نوێ کە ژمارەکەی (28758) وە لە 2006-11-15 لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێرەوە دەرچووە باس لە سزادانی توندی قوتابی سەرپێچیکار دەکات. بڕیارێکی وا زەمینە خۆش دەکات بۆ لێدان و سوکایەتیپێکردنی قوتابی لە لایەن مامۆستاوە، چونکە مامۆستا دەتوانێت دەیان لێکدانەوە بۆ بڕیارێکی وا بکات و بە پێی باوەڕ و میزاجی خۆی سزای فیزیکی و دەروونی خوێندکاران بدات و قوتابی ببێتە چینی بندەستی مامۆستای سەردەست.

- سەرپێچی چییە و لە کوردستاندا کێ پێناسەی سەرپێچیمان بۆ دەکات؟
- لە قوتابخانەدا چی بە سەرپێچی دەژمێردرێت کە مایەی سزای توند بێت؟
- ئاخۆ سزای توند مانای لێدانی فیزیکی و دەروونی منداڵ نییە؟
- ئایا ئامانج لە سزا چییە؟
- کێن ئەوانەی لە پشت ئەم بڕیارەوەن و ئامانجیان لە خوڵقاندنی کەشی توندوتیژی لەناو قوتابخانەکاندا چییە؟
- ئاخۆ لە کاتی بڕیارێکی وادا بڕیاردەران بیریان لە ئاکامی دەروونی نەوەیەک کردۆتەوە کە بە توندوتیژی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و، ئەویش دەبێتە بەرهەمهێنەرەوەی هەمان توندوتیژی؟

هەندێک هەڵە هەن تەنها کاریگەرییان لەسەر ئێستا هەیە، وەلێ بڕیارێکی هەڵەی وەک ئەمە نەوەیەک دەشێوێنێ و دەیکاتە قوربانی. بڕیارێکی وا هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، نە دابەزینی ئاستی زانستی قوتابخانەکان بە توندوتیژی چارەسەر دەکرێت و، نەش لاسار بە لێدان سەلار دەکرێتەوە.

- ئاخۆ بڕیاردەرانی ئەو سەرپێچی و سزایە خۆیان دەتوانن بێن بەرگری لە بڕیارەکەیان بکەن و بە ڕاشکاوی پێمان بڵێن کە بۆچی باوەڕیان بە بەکارهێنانی توندوتیژی هەیە؟!
- ئاخۆ ئەم بڕیارە پێچەوانەی پەیامی پەروەردەیەکی مەدەنی نییە کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە بانگەشەی بۆ دەکات؟
- ئەی چی لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ بکەین کە ئێستا لە هەندێ لە قوتابخانەکاندا بە ناوی پەروەردەی مەدەنی فێری منداڵ دەکرێت؟

بڕیارێکی وا خەتەرێکی گەورەیە بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەکانمان، ئەرکی هەموومانە نەهێڵین بڕیار بۆ توندوتیژی بدرێ. ئێمە لەباتی ئەوەی هەر هەموومان یەکدەنگ و یەکدەست دژی توندوتیژی بوەستینەوە و وەزارەتی پەروەردە پێشڕەومان بێت بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئەو کولتوورەی ڕژێمی ئەنفالکار لەسەرمان پیادەی دەکرد، کەچی دەزگایەکی پەروەردەیی (خۆماڵی) فەتوای سزای توند دژی منداڵەکانمان دەردەکات و بەرەو بە کولتووری ستەم دەدات. ئەم بڕیارویستە هەڵبوەشێندرێتەوە. ، بەڵکە کەسانێکیش لە ناوەندی بڕیاردانی پەروەردەییدا کە باوەڕیان بە ستەم و توندوتیژییە پێویستە دووربخرێنەوە لەو ناوەندە گرنگە، دەنا لەوێدا بواری ئەوە هەیە بەو جۆرە بڕیارانە کەسایەتی نەوەی داهاتووشمان بشێوێنن.

2006/11/27

هەولێر